جولەکە ئەگەر ئافرەتەکانیان تووشی سۆری مانگانە بووایەن خواردنیان لەگەڵیان نەدەخوارد، ولە خانووەکان لەگەڵیان نەدەمانەوە

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: جولەکە ئەگەر ئافرەتەکانیان تووشی سۆری مانگانە بووایەن خواردنیان لەگەڵیان نەدەخوارد، ولە خانووەکان لەگەڵیان نەدەمانەوە، هاوەڵانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاریان لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد (سەبارەت بە ئەمە)؛ خوای گەورە (ئەم ئایەتەی) دابەزاند: {وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَٱعْتَزِلُوا۟ ٱلنِّسَآءَ فِى ٱلْمَحِيضِ} [البقرة:222] واتە: {وە پرسیارت لێدەکەن دەربارەی سوۆری مانگانە (حەیز) بڵێ ئەوە ئازارە کەواتە دوور بکەونەوە لە هاوسەرەکانتان لە کاتی سوۆری مانگانەدا}، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (اصْنَعُوا كلَّ شيء إلا النكاح) واتە: (هەموو شتێک بکەن جگە لە جیماع کردن). ئەمە گەیشت بە جولەکە، ووتیان: ئەم پیاوە هیچ شتێکی نەهێشتووەتەوە کە پێچەوانەی ئێمە نەبێت تێیدا، ئوسەیدی کوڕی خوزەیر وعەبادی کوڕی بیشر هاتن ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا، جولەکە ئاوا وئاوا دەڵێن، ئایا جیماعیان لەگەڵدا بکەین؟ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ڕووی گۆڕا هەتاوەکو پێمان وابوو لێیان تووڕەیە، بۆیە دەرچوون، کاتێک شیر وەکو دیاری هێنرا بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- داوای کرد بانگ بکرێن وئەوانیش لە شیرەکەیان خواردەوە، بۆیە زانیان کە لێیان تووڕە نییە.

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرمووەکە: (جولەکە ئەگەر ئافرەتەکانیان تووشی سۆری مانگانە بووایەن خواردنیان لەگەڵیان نەدەخوارد): واتا جولەکەکان خواردنیان نەدەخواردەوە لەگەڵ ئافرەتێک تووشی سوۆری مانگانە هاتبێت، ولەو پەرداخانەی ئەو ئافرەتانە لێیان دەخواردەوە؛ پیاوەکانی جولەکە لێیان نەدەخواردەوە وبەهەمان شێوە بۆ دەوری - قاپەکانیش-؛ چونکە باوەڕیان وابوو پیسن وئارەقەکەیان پیسە. (ولە خانووەکان لەگەڵیان نەدەمانەوە): واتا تێکەڵیان نەدەبوون و لەگەڵیان دانەدەنیشتن، وجولەکەکان ئەگەر ئافرەتەکانیان تووشی سوۆری مانگانە بووایە لە ماڵەکانیان دەریان دەکردن، هەروەکو لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە: (أن اليهود كانت إذا حاضت منهم المرأة أخرجوها من البيت) [رواه أبو داود] واتە: (جولەکەکان ئەگەر ئافرەتەکانیان تووشی سوۆری مانگانە بووایە لە ماڵەکانیان دەریان دەکردن). (هاوەڵانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاریان لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد): واتا کاتێک هاوەڵان حاڵی جولەکەیان زانی سەبارەت بە دوورکەوتنە لە ئافرەتەکانیان لە کاتی سوۆری مانگانەدا پرسیاریان سەبارەت بە ئەم بابەتە کرد، خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: {وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَٱعْتَزِلُوا۟ ٱلنِّسَآءَ فِى ٱلْمَحِيضِ} [البقرة:222] واتە: {وە پرسیارت لێدەکەن دەربارەی سوۆری مانگانە (حەیز) بڵێ ئەوە ئازارە کەواتە دوور بکەونەوە لە هاوسەرەکانتان لە کاتی سوۆری مانگانەدا}، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (اصْنَعُوا كلَّ شيء إلا النكاح) واتە: (هەموو شتێک بکەن جگە لە جیماع کردن)، بۆیە لە شەریعەتدا تێکەڵ بوونیان وخواردن وخواردنەوە لەگەڵیان ودەستلێدان وخەوتن لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی تووشی سوۆری مانگانە بوون هەموو ئەمانە دروستە، هەموو شتێک دروستە جگە لە جووتبوون نەبێت لەگەڵیدا لە پێشەوە، وهەروەکو زانراوە چوونە لای ئافرەت لە پاشەوە -کۆمیەوە- حەرامە. وسەبارەت بە فەرمووەکە: (هەموو شتێک بکەن جگە لە جیماع کردن)؛ ڕاڤەکردنی گشتگیری ئایەتەکەیە چونکە لە ئایەتەکەدا وا دەردەکەوێت تێکەڵ بوون وخواردن وخواردنەوە وئەوانی تر دەگرێتەوە بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیکردەوە کە مەبەست تەنها وازهێنانە لە جیماع کردن. (ئەمە گەیشت بە جولەکە): واتا ئەم هەواڵە گەیشت بە جولەکە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێگەی داوە بە هاوەڵان هەموو شتێک بکەن لەگەڵ خێزانەکانیان لە کاتی سوۆری مانگانەیاندا جگە لە جووتبوون نەبێت. (ووتیان: ئەم پیاوە هیچ شتێکی نەهێشتووەتەوە کە پێچەوانەی ئێمە نەبێت تێیدا): واتا ئەگەر ببینێت ئێمە کردەوەیەک دەکەین؛ ئەو پێچەوانەی ئێمە ڕێنموێنی دەکات بە کردەوە کردن، وسوورە لەسەر ئەوەی لە هەموو شتێکدا پێچەوانەی ئێمە بێتەوە.

(ئوسەیدی کوڕی خوزەیر وعەبادی کوڕی بیشر هاتن ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا، جولەکە ئاوا وئاوا دەڵێن، ئایا جیماعیان لەگەڵدا بکەین؟): واتا هەردوویان ئەو باسەیان بۆی هێنا کە جوولەکە ووتیان کاتێک زانیان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێچەوانەی ئەوان فەرمانی کردووە، پاشان هەردوویان -ڕەزای خوایان لێبێت- پرسیاریان لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد سەبارەت بە ڕێگەپێدان بە جووتبوونیش بۆئەوەی پێچەوانەی جولەکە ببنەوە لە هەموو شتێکدا، واتا: ئەگەر لەو شتانەی ئەوان لەسەر خۆیان قەدەغەیان کردووە لە نێوان ئەوانەیش جیماع کردن، ئێمە لە هەموو ئەوانەدا پێچەوانەی ئەوان دەبینەوە جگە لە جیماع کردن نەبێت؛ ئەی بۆچی جیماعیش نەکەین بۆئەوەی بە تەواوەتی پێچەوانەی ئەوان بینەوە لە هەموو شتێکدا؟. (پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ڕووی گۆڕا): واتا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕازی نەبوو لەسەر ئەم ئیجتیهادەیان -کۆششەیان- بەڵکو تۆڕەبوو وئەمیش لە ڕووی دیار بوو؛ چونکە قسەکەیان پێچەوانەی شەریعەتە، خوای گەورە دەفەرموێت: {فَٱعۡتَزِلُواْ ٱلنِّسَآءَ فِي ٱلۡمَحِيضِ} [البقرة:222] واتە: {کەواتە دوور بکەونەوە لە هاوسەرەکانتان لە کاتی سووڕی مانگانەدا}، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیکردەوە کە لە ئەم ئایەتەدا مەبەست لە وازلێهێنان ودوورکەوتنەوە لێرەدا دوورکەوتنەوەیە لە جیماع کردنیان، وڕێگەپێدراو نییە ومافی ئەوەتان نییە لە کاتی سووڕی مانگانەدا جیماعیان لەگەڵدا بکەن. (هەتاوەکو پێمان وابوو لێیان تۆڕەیە): واتا تۆڕە بوو لێیان بەهۆی قسەکەیانەوە. (بۆیە دەرچوون، کاتێک شیر وەکو دیاری هێنرا بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- داوای کرد بانگ بکرێن وئەوانیش لە شیرەکەیان خواردەوە): کاتێک هەردوویان دەرچوون کەسێک دیاریەکی بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هێنا کە شیر بوو، کاتێک خاوەن دیاریەکە هاتە ژوورەوە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کەسێکی نارد بۆئەوەی بانگی ئەو دوو هاوەڵە بکات، کاتێک هاتن شیری پێیاندا بۆئەوەی هەست بە دڵ شکاندن نەکەن بەهۆی ئەو قسەیانەوە و بۆئەوەی بزانن کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەرمونیانە بەرامبەریان ولێیان ڕازییە. (بۆیە زانیان کە لێیان تۆڕە نییە): چونکە ئەوان لە نیەت باشی خۆیان ئەم قسەیان کرد، وتۆڕەییەکەی لەسەریان بەردەوام نەبوو بەڵکو پاش ماوەیەکی کەم نەما، وئەمیش لە نیشانەی ڕەوشت جوانی پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم- ونەرم ونیان بوونیەتی بەرامبەر هاوەڵانی -ڕەزای خوایان لێبێت-.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10013